گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی رەخنەی ئیکۆلۆژی بە جەنگەوە

**م.ی. سۆران مامەند عەبدوڵلا**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
soran.adullah@su.edu.krd

**پ.د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
mawlud.hassan@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٢٩
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٣٠
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**وشە سەرەکییەکان**
Ecocriticism, War, Devastation of The Environment, Humanity, William Ruckert.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.9

## پوختە

ئەم توێژنەوە بەناونیشانی (پەیوەندی رەخنەی ئیکۆلۆژی بە جەنگ)ەوە، خراوەڕوو. کە توێژینەوەیەکی تیۆرییە؛ ئامانجی سەرەکیمان لەم توێژینەوە خستنەڕوو و شیکردنەوە رەگ و ریشەی رەخنەی ئیکۆلۆژی و مێژووی سەرهەڵدانی رەخنەی ئیکۆلۆژیە، لەبەر رۆشنایی بیروبۆچوونی رەخنەگرانی بواری ئیکۆلۆژی و ئەدەبیاتی جیهانی و زانستی ژینگەیی و کلتوورییە جیاوازەکان شەنوکەوکراوە.

گرنگی ئەم جۆرە توێژینەوەیە لەئەدەبیاتدا، ئەوەیە کە کۆمەڵگە و کلتوور و بوونێکی بەرچاویان لە دەقە ئەدەبییەکان هەیە، بەمەش کاریگەریان لەسەر تێڕوانین و هەلسوکەوتی مرۆڤەکان لە جیهاندا هەیە. لەم دیدگایەوە لێکدانەوە بۆ چەمک و زاراوە و تێگەیشتن و مێژووی گەشەسەندنی رەخنەی ئیکۆلۆژی کراوە، وەک میتۆدێکی رەخنەی دوای نوێگەری، ئەگەرچی رەخنەی ئیکۆلۆژی ئاراستە و بواری جیاواز لەخۆدەگرێت، ئێمە لێرەدا تەنیا ئیکۆلۆژیای جەنگ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگ و وێرانکارییەکانی دوای جەنگمان لەسەر ژینگە و پێکهاتەکانی خستووەتەڕوو، لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەکرێ هۆشیاری ژینگەی بەرەو ئاراستەیەکی مەعریفی و هەستکردن بەبەرپرسیارەتی ببەین، چونکە سروشت و ژینگە تەنیا سەرچاوی سامان

و ژیان و جوانی نین، بەڵکو سیستەمێکی زیندوو و تورێکی ئالۆز و بەیەکەوە بەستراوە. بۆیە دەبێ تێڕوانینی مرۆڤیش بۆ ژینگە بگۆڕێت، پێش لەمەترسیەکان بگرێت، سنورێک بۆ شەڕ و داگیرکارییەکان دابندری.

**وشە سەرەکییەکان: رەخنەی ئیکۆلۆژی، جەنگ، وێرانکاری ژینگەیی، مرۆڤایەتی، ویلیەم ڕۆیکێت.**

## پێشەکی

ئێمە لە دنیایەکدا دەژین، کە ئێستا بەهۆی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و ئاڵوودەبوون پێیانەوە پیس دەبێت و خەریکە لەناودەچێت، ئەمەش کارەساتێکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پێیدەڵێن: لەناوچوونی ژینگە/Biodisaste) و تێکدانی ئیکۆسیستەمی ژیان، ئەمە بووەتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر و مرۆڤ خۆی شایەتی ئەوەیە، کە دەستی هەیە لەو لەناوبردن و کوشتنی ژینگە و لەباربردنی ئەو ژینگەیە بە گشت جۆر و بوونەوەرەکانییەوە. بۆیە ئەمڕۆ مرۆڤ بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە پاراستنی ژینگە بەرانبەر بە پاراستنی گیانی خۆی و نەوەکانی داهاتووە، لەناوبردنی ژینگەش بەرانبەر بە لەناوبردنی خێرایی ژیانی خۆی و نەوەکانی داهاتووە. بەزیادبوونی هۆکارە جۆربەجۆرەکانی پیسبوونی ژینگە و دەرهاوێشتەکانی ئەم پیسی و ئالۆزییە، بەجۆرێکە نیگەرانی مرۆڤایەتی لە زیادبووندایە و بەمەش کۆدەنگییەکی جیهانی لەسەر ئەم بابەتە درووستبووە، چونکە ئێستا ئەمە بووەتە کێشەیەکی جیهانی و دەبێ مرۆڤ هەر شوێنێکی زەوی لەهەر جێگەیەک بێ بەماڵی خۆی بزانێ. ئەمڕۆ هۆشیاری و ئاگابوونەوەیەکی باش هەیە لەبارەی بایەخ و پێگەی ژینگەوە، چونکە بە دەرکەوتنی شوێنەوارە نەرێنییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بوارەکانی تەکنەلۆژی و پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین ئامێر و بنیاتنانی زۆرێک لەکارگە و زیادبوونی لە ڕادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە و زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی دانیشتووان لە جیهان و شار و شارۆچکەکاندا و بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە و گوێنەدانە بەچارەنووسی سروشت و ژینگە و داهاتووی نەوەکانی ئایندە و زیادبوون و دروستکردنی خانوو و باڵەخانەی بێ ژمار و هەرەمەکی لەسەر حیسابی سروشت و ژینگە و کەمبوونەوەی سەوزایی و سەرهەڵدانی جەنگە ناوخۆی و جیهانییەکان و زیادبوونی پیسی و پاشماوەی جەنگی و چەکی ئەتۆمی و پیسبوونی دەنگی و ژاوەژاو، کەمی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخنەدان بە پاشماوەی پڕۆژە ئەنجامدراوەکان، بازرگانیکردن بەئاژەڵانی ماڵی و کێوی و کوشتن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاوکردنیان بۆ جوانکاری و ئارایشتی ئافرەتان و پیاوان و دۆزینەوەی نەوت و گاز و مادده کانزاییەکان و دروستکردنی چەک و تەقەمەنی جەنگی و ئەتۆم و تاقیکردنەوەی لەناو دەریا و زەریا و بیابانەکان.....تاد، بەمەش لەم دواییانەدا ئاراستەیەکی نوێ لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا سەریهەڵدا کە فۆرمێکی دیاریکراوی وەرگرتووە و بە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ناودەبرێ، ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی ئەدەب و ژینگەوە سوود لە تۆڕێکی بەسەریەکچووی زانستە جیاوازەکان، ڕەوتی زانین و توێژینەوە وەک "ئیکۆلۆژی، زانستی زەوی، دەروونناسی، بایۆلۆجی، ئەدەب، لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان، مێژوو، فەلسەفە.....تاد،" وەردەگرێت، هەموو ئەمانە بوونەتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ توێژینەوەی و کارکردن لەناو بواری ژینگە و کاریگەرییەکانی لە هەموو بوار و زانستەکانی ژیان بە توێژینەوە ئەدەبییەکانیشەوە، تاوەکو دواجار میتۆدێکی نوێی ڕەخنەی لێکەوتەوە و بوو بە بابەتێکی هەنووکەیی، بەناوی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە:** تاوەکو ئێستا وەک پێویست ئاوڕ لەم لایەنەی شیکردنەوەی جەنگ و وێرانکارییەکانی لەڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیەوە نەدراوەتەوە و نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە لە ئێستادا جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان خستنەڕووی کاریگەری و وێرانکارییەکانی مرۆڤ بەهۆی جەنگە یەک بەدوایەک و بەردەوامەکان بۆ سەر ژینگە و تەنانەت خودی مرۆڤ خۆی؛ ڕەنگدانەوی ئەو مەترسیە ژینگەیان لەناو ئیکۆسیستەمەوە.

**سنوری توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوە، کە توێژینەوەیەک تەنیا لایەنی تیۆریی بە مەبەست گرتووە، لە سنوری میتۆدی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی ئەنجامدراوە، کە ڕەخنەی ئیکۆلۆژییە، لە ناو ئەم میتۆدەش یەک ئاراستە کراوەتە بەر مەبەست ئەویش جەنگ و وێرانکارییەکانی جەنگە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە بە میتۆدی مێژوویی و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی زانستی ژینگەناسی کاری لەسەرکراوە، بۆ چەمک و زاراوە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و پێناسە جیاجیاکانی، بوارە جیاجیاکانی سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و زانستی ژینگەناسی وەرگرتووە، بۆ مێژووی جەنگ و لێکدانەوەی جەنگ و هۆکارو کاریگەرییە ژینگەیەکانی، پەنامان بردووە بۆ میتۆدی وەسفی، لەهەندێک شوێنیش هەردوو میتۆد ئاوێتەی یەکتر دەبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم تویژینەوە بەناونیشانی ( پەیوەندی رەخنەی ئیکۆلۆژی بە جەنگ)ەوەدا، ئەنجامدراوە. لە پێشەکییەک و سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم: خۆی لە چەمک و زاراوەی رەخنەی ئیکۆلۆژی و چەند راوبۆچوونێکی جیاواز لەسەر ئیکۆلۆژی، دەبینێتەوە. لەتەوەری دووەمدا: باس لە چەمک و پێناسەی رەخنەی ئیکۆلۆژی لەڕوانگەی نووسەر و توێژەرانی بیانی و کوردی کراوە. تەوەری سێیەمیش: تەرخان کراوە بۆ بوونی پەیوەندی رەخنەی ئیکۆلۆژی بە جەنگەوە. لەکۆتایشدا ئەنجامەکان، بەخاڵ خستوومەنەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## تەوەری یەکەم

## چەمک و زاراوە رەخنەی ئیکۆلۆژی

ئەگەر سەیری بواری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بکەین، دەبینین، کە هیچ بوارێکی دیاریکراو جێگیر نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی تیۆری ژینگەیی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، توێژینەوەی لە سەوزایی و ئەدەبیاتی سەوزایی هەمووی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان کلتوور و کۆمەڵگە بە جیهانی سروشتییانەوە دەکات، بوارێکی فرە ڕەهەندییە. ڕەخنەگرانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕێگای جۆراجۆر و هەمەچەشن بەکاردێنن و لایەنە جیاوازەکانی وەکو کلتوور و مێژوو و ژینگەناسی و جوگرافیا و فەلسەفە و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرن. تاڕادەیەکی زۆر ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بابەتێکی تازەیە، لەبەرئەوەی لەسەرەتای نووسینەوە خەڵک بیری لەسروشت کردووەتەوە و لەگەڵ سروشت هەڵیکردووە و ژیاوە. سەرەڕای ئەمەش، خەڵکانێک کار و بەرهەمی نووسەرانی دیکەیان لەسەر ژینگە خوێندووەتەوە. ڕایمۆند ویلیەمز لە کتێبەکەی خۆیدا (وشەکانی کلتوور و کۆمەڵگە)دا، لە ساڵی 1983دا بڵاوکراوەتەوە، سەرنجی ئەوەی داوە، کە وشەی (سروشت) لەوانەیە ئاڵۆزترین وشەی زمانی ئینگلیزی بێت. نووسەر سێ واتا لەیەک جیادەکاتەوە: کە هەرسێ واتاکەی سروشت بەناو یەکداچوون و پەیوەستن بەیەکدیەوە.(*Williams. R,1983:219* ). هەرچەندە وەکو بیرۆکە سروشت بابەتێکی زۆر کۆنە و پەیوەندی بە مێژووی بوونەوە هەیە، بەڵام لە ڕووی ڕەخنەییەوە توێژەر و ڕەخنەگران لە ساڵانی شەست و هەفتاکانەوە هەڵسان بە خستنەڕووی ڕۆڵی ژینگە و سروشت لە ئەدەبدا و ئەدەب دەتوانێت لە چ شتێک و لە چ پەیوەندیەکی نێوان مرۆڤ و سروشت ئاگادارمان بکاتەوە. ڕەخنەگرانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو: "ڕیامۆند ویلەمز/ ,Raymond Williams و کیس تۆماس/ ,Keith Thomas و کارۆلین میرچانت/Carolyn Merchant و لیۆ ماکس/ Leo Marx و لین وایت جەی ئار Lynn White Jr " (Birzo,2019: 5) بۆ یەکەمجار سەرنجی کێشە ژینگەییە هەنووکەییەکانیاندا لەڕێگەی ئەدەبەوە و باسی ئەوەیان کرد، کە ئەدەب چۆن دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیرانە ژینگەییانەدا بکات. لەبەر چەندان هۆ ئەو نووسەرانەی کە ئاماژەمان پێدان بە پێشەنگی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی مۆدێرن دادەنرێن. سەرەئەنجام دەستەواژەی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) هاتە ئاراوە، بۆ یەکەمجار لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگری ئەمریکی ویلیەم ڕۆیکێت/ William Rueckert لە ساڵی 1978،( Rueckert,1987, 71) دواتر لەلایەن ئەو نووسەرانەوە بووژێندرایەوە و کاری لەسەر کراوە.

## زاراوەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی(Ecocriticism)/ النقد البیئی)

بەر لەهەموو شتێک بەپێویستی دەزانین بەر لەوەی بە چڕوپڕی بخزێینە ناو ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە، سەرەتا لە زاراوەکە و پێکهاتەی وشەکە بخەینەڕوو، کە چۆن و لە چییەوە هاتووە و دروستبووە، چونکە چەمک و واتای زاراوەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، وەکو دیاردەیەکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی جیهانی بوونی خۆی سەلماندووە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردی ئەگەر وەک دیاردەش بوونی هەبێ، وەک لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی نییە، یان لاوازە و وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە، جا بۆ باشتر ئاشنابوون و تێگەیشتنمان لە بابەتەکە سەرەتا بە زاراوەکە دەست پێدەکەین.

## ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە ڕووی وشەییەوە

گرینگە ئەوە بزانین کە ڕەگ و ڕیشەی دەستەواژەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی چییە و چۆن دروستبووە، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕەوتێکی زۆر خێرای گەشەسەندووە؛ مانای هۆشیاری ژینگەناسی و ژینگەپارێزی دەگەیێنێت و توێژینەوە لە ژینگە و ئەدەب و پەیوەندییان دەکات. لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی وشەی (ئیکۆکریتیزم/ Ecocriticism) بۆ بەکارهاتووە، زاراوەکەش لە بنەڕەتدا ((چ وشەی eco ئێکۆ، کە کورتکراوەی وشەی ecology و چ وشەی critic کریتیک لە زمانی یۆنانییەوە هاتوون، لە وشەکانی oikos و kritis )) ەوە، (Birzo,2019: 7) هەردوو بەشەکە پێکەوە بووەتە **(ڕەخنەی ئیکۆلۆژی)،** بەیەکەوە گرێدراون و بووەتە ڕێبازێک کە بەهۆیەوە تەواوی قەیرانە ژینگەییەکانی جیهانی پێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێکدەدرێتەوە و شیکار دەکرێت. ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی بەیەکگەیشتن و بەیەکترداچوونی ئەدەب و کلتوور بکرێت. واتە شوێنە فیزیکیەکەی، کە ئەم دووانە تیایدا بەیەکدادەچن.

## رەخنەی ئیکۆلۆژی لەرووی زاراوەییەوە

رەخنەی ئیکۆلۆژی زاراوەیەکی ئینگلیزییە وشەی (ئیکۆکریتیزم/ **Ecocriticism**) بۆ بەکارهاتووە، سەرەتا ئەم زاراوەییە لە بوارەکانی ئیکۆلۆژی و ژینگەناسیدا لەلایەن ( ارنست هایگل) کە زیندەوەرناسێکی ئەڵمانی بوو، لە ساڵی (١٨٦٦) بەکارهاتووە و هاتووەتە ناو بوارەکانی توێژینەوەی زانستی. (نجاح الجبیلی، ٢٠٢١: ٩٣)، کەواتە لە سەرەتادا رەخنەی ئیکۆلۆژی لەژێر کاریگەری توێژینەوەکانی بواری ئیکۆلۆژی و زیندەوەرناسیدا بووە و سەریهەڵداوە. دواتر بوو بە میتۆدێکە نوێی رەخنەیی ئەدەبی بەناوی رەخنەی ئیکۆلۆژی.

بێگومان بەشێکی زۆری چەمک و دەستەواژە ئەدەبی و رەخنەییەکان و تەنانەت بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانیش، سەرەتای سەرهەڵدان و لەناو توێژینەوەکاندا هەڵگری کۆمەڵێک زاراوە و دەربڕینی جیاواز لە خۆدەگرن، بۆیە ((رەخنەی ئیکۆلۆژیش وەکو زۆربەی زاراوەکانی دیکەی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان بە دەربڕینی جیاواز پێناسەکراوە، هۆکاری ئەمەش لەلایەک بۆ فرە بابەتیی گوتاری رەخنەی ئیکۆلۆژی دەگەڕێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، بۆ نوێبوونی بابەتەکە لەناو توێژینەوەکانی رەخنە و تیۆری ئەدەبدا)) (فؤاد رشید، ٢٠١٨: ٤٣٢). هەر لەم سۆنگەیەوە رەخنەگرێکی ئەمەریکی، وەک (مایکل برانش/ **Michael P. Branch**) ئاماژە بە لایەنی ئەو کێشەیە دەکات و دەڵێت: ((لەو کاتەی کە رەخنەی ئیکۆلۆژی هەوڵی ناساندنی خۆی دەدات، لە هەمان کاتدا فرە جۆرییەکی لە خوێندنەوی ژینگەراییدا وای هێناوەتە ئاراوە کە هەندێ جار زۆر لەیەکتر دوورن.)) (فؤاد رشید، 2018: 432). بێگومان کۆمەڵێک زاراوە و دەستەواژەی دیکەی ئەدەبی و رەخنەی بۆ بەکارهاتووە، ئەگەرچی وشە و دەستەواژەکان هەمە جۆرن، بەڵام هەموویان هەمان چەمک و واتا دەگەینن و هەمان ئەرک و وەزیفەیان هەیە، لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ نموونە نووسەر و ڕەخنەگری عەرەبی "جميل حمداوي" لە کتێبەکەی خۆیدا، بەناوی ( النقد البيئى أو الايكولوجى فى الأدب و الفن ) لە ساڵی 2020 دا، بڵاویکردووەتەوە، (جميل حمداوي، 2020: 44). چەند دەستەواژەیەکی خستووەتەڕوو، وەک:

- لێکۆڵینەوەی کلتووری سەوز ( الدراسات الثقافيه الخضرا = **Green Cultural Studies**).
- شعریيەتی ژینگەیی( الشريعه البيئة = **Eco Poetics**).
- ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی( النقد البيئى الأدبى = **Environmental literary criticism**).
- هەروەها نووسەری بەریتانی(**Gabriel Egan**) لە کتێبەکەی خۆیدا لە ساڵی 2006دا بەناوی (**Green Shakespeare**) ڕەخنەی سەوز ( النقد الخضراء = **Green Criticism**). ( **Gabriel Egan, 2006**).
- لاورێنس بێل/ **Bull Lawrence** دەستەواژەی ( ئیکۆلۆژی ئەدەبی =**literary ecology** ). **بۆ بەکارهێناوە.** (**Bull Lawrence, 1995:7-8**).
- هەروەها لە گۆڤاری ASLE / ایسل، لە ساڵی 1990، کە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئەدەبی ئیکۆلۆژیی ، لەم گۆڤارەدا ئاماژە بە دوو زاراوە کراوە، ئەوانیش: ( ئەدەبی سەوز و ڕەخنەی ئیکۆلۆژییە) ( **M.H Abrams and Geoffrey, 2009: 86**)و (نجاح الجبيلی، 202١: 43).

## تەوەری دووەم

## چەمک و پێناسەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

بەم شێوەیە، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی باس لەو کارلێکردنەی نێوان کلتووری مرۆڤ و سروشت دەکات، کە لە دەقەکاندا باسکراون. لەم جۆرە ڕەخنەیەدا وادادەندرێت، کە کلتووری مرۆڤ و سروشت پەیوەندیەکی دوولایەنەیان هەیە و هەردووکیان کار لەیەکتری دەکەن. ئەو دەقانەشی کە باس لەو پەیوەندیە و کارلێکردنە دەکەن هۆشیاری ژینگەناسی لەخۆدەگرن(**Nayar, 2015: 16**) هەر بەپێی بۆچوونی نەیار/**Nayar** بێت ئامانجەکانی ڕەخنەی ژینگەیی ئەمانەن:

- بەرز و پیرۆزکردنی توێژینەوەکانی ئەدەب و کلتوور لە ڕێگەی ئەو دەق و نووسینانەی، کە باسی سروشت دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ڕۆڵی شوێن، شوێنی فیزیکی و تۆپۆگرافی/نەخشەسازی و بنیاتنان لە ئەدەب و دەقە کلتووریەکانی دیکە، کە بوار و ڕێبازەکانی دیکەی توێژینەوە، وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی جیهان باسی لێدەکرێت، لەم ڕەخنەیە وەکو لایەنی سروشتی جیهان باس دەکرێت و لێکدەرێتەوە.
- هۆشیاری ژینگەیی لە دەقە ئایینی و پیرۆزەکاندا.
- بیروباوەڕی هەر سەردەمانێک لەبارەی ژیانی ئەو شتانەی نامرۆڤین و وێناکردنی پەیوەندی نێوان ژیانی مرۆڤ لەگەڵ شتە نامرۆڤییەکان.
- ئەو کار و بەرهەمە ئەدەبیانەی، کە باس لە پیاوسالاری و کاپیتالیزەم دەکات، بەرانبەر شتە نامرۆڤییەکانی، وەکو سروشت، هەروەها بیروبۆچوونی پیاوسالاری و کاپیتەلیزیمی بەرانبەر ئافرەت و دیمەنەکانی سروشت و ژینگە.
- گریمانەکانی ژیری وەکو باڵاتربوون، هەروەها هەست و سۆزەکانی وەکو نزمتربوون لەناو دەقەکاندا و گفتوگۆ لەسەرکردن و گەڵاڵەکردنی ئەو بیروباوەڕانە، بوونەتە هۆی هاتنە ئارای دیدی تایبەت بەرانبەر بە ژینگە. ئەم دیدەش لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بوو، بەتایبەتی شیکردنەوەی دەقە ئەدەبیەکان لەناو بیری مارکسی و فێمینستی دا، ڕێگە خۆشکەربوون بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقە ئەدەبیانی لە ڕووی کلتووری و کۆمەڵایەتییەوە و سیاسی هەڵکشان بەرەو دیدی مۆدێرن بوون، نیشتەجێبوون لە شار و دیمۆگرافی/ سەرزمێری دانیشتووان. هەموو توێژینەوەکانی ئەم بوارانەش بە چالاکی ژینگەیی دادەنرێن **(Nayar, 2015: 17).**

هەرچی گێرسدۆرف و مایەرن"/ **Gersdorf and S. Mayer** " ئامانجەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەم ئاراستانەی خوارەوەدا، دەبینن:

- ئاراستەی ناوەڕۆک و پێکهاتەی سیاسی - کۆمەڵایەتی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، کە تیایدا دەقی ئەدەبی و دەقی نا ئەدەبی توێژینەوە و شیکاریان بۆ بکرێت بە پێی پێوەر و بنەما سروشتی و ژینگەییەکان، ڕادەی هۆشیاری ژینگەیی، دید و بۆچوونیان لەبارەی شتە نامرۆڤییەکان و هۆشیاریان سەبارەت بە هەبوونی کێشە ژینگەییە ناوخۆی و جیهانییەکان دەخاتەڕوو.

- ئاراستەی کلتووری - ئەنسرۆپۆلۆژی /مرۆڤناسی، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە هەستی نامۆبوونی مرۆڤی دەکۆڵێتەوە، کاتێک مرۆڤ هەست بە نامۆی دەکات لەناو دنیای شارستانییەت و مۆدێرن و پێشکەوتن دا، ئەم هەستەش لە ئەنجامی دوور کەوتنەوە و دابڕان لە سروشت دروست بووە.
- لەڕووی ئاراستەی ڕەوشتییەوە، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی هەوڵیداوە پێداچوونەوە بۆ سیستەمی کلتووری و بەهاکانی بکات، کە ئەو بەها کلتووریانە تەنیا بریتینین لە کەرامەت و سەربەخۆیی، بەڵکو سەرچاوەی ئەو بەهایانە چین و لای شتە نا مرۆڤییەکان چین، کەمەبەست لێ بوونی سروشتە، وەکو بەهایەکی دیکە لەپاڵ بەها کلتوورییەکانی دیکەدا.
- لەڕووی ئاراستەی مەعریفیەوە، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەشێکی سەرەکی سەردەمی گۆڕانەکانی دوای قۆناغی کلاسیک بووە.
- ئاراستەی پێنجەمی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیش، بریتییە لەوەی گرینگی تایبەت بدات بە توێژینەوە ئەدەبیەکان، بەو ئامانجەی دید و دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە ببێتە بەهایەکی دیکە لە کلتووری مرۆڤایەتی. *(Gersdorf and Mayer, 2006: 25)*

بە پێی بۆچوونی سلۆڤیک/ (٢٠٠٨) **Slovic** بێت، دەکرێت ئاراستەی ئەدەبی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دابەشی چەند تەوەریک بکرێت، وەکو ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەقی خەیاڵی، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی شیعری و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەقی نا خەیاڵی و ڕاستەقینە/ ریالیستی.

پرۆفیسۆر **"سلۆڤیک"** باسی ئەوەش دەکات، کە ڕەخنەی ژینگەیی بەهۆی سێ شەپۆلەوە گەشەی سەندووە. شەپۆلی یەکەم شیکاری دەقە نا خەیاڵییەکان دەگرێتەوە، کە هەر لەچوارچێوەی ئەو کارانەیە، کە لەسەر سروشت کراون. شەپۆلی دووەم جەخت دەکاتە سەر ژانرا جیاوازەکانی دەق، وەکو دەقە خەیاڵییەکان و شیعر. هەرچی شەپۆلی سێیەمە بەوە جیادەکرێتەوە، کە باس لە گواستنەوەی بەهای کلتووری دەکات، واتە: بەراوردکردنی شیکاری و ئەو کار و بەرهەمانەی کە باسی کلتوورە جیاوازەکان و دیدیان بۆ سروشت دەکات **(Slovic, 2010: 14).**

هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت کە ڕەیچڵ کارسۆن یەکێک بووە لەو نووسەرانەی هەر زوو باسی ئەدەبی سەوزایی/ ژینگەیی کردووە و کارەکەشی بە یەکێک لەو نووسینانە دادەنرێت، کە گرینگیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆر هەبووە لەسەر سیاسەتی گشتی و بیرورای گشتی بۆ بیرکردنەوەیان بەرانبەر ژینگە لە ئەمریکای باکوور، ((بەڵام بۆچی گفتۆگۆکردن لەبارەی ژینگە بووەتە بابەتێکی گەرموگورتر لە رۆژگاری ئەمڕۆدا؟ یەکێک لە وەڵامە شیاوەکان ئەوەیە، چونکە ژینگەی سروشتی لە مەترسی دایە و ئەو مەترسیەش بووەتە ناونیشان و سەردێری هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامەکان، بە تایبەتی لە سێ دەیەی کۆتای سەدەی بیستەم دا.)) **(Buell, Lawrence, 2005: 4).**

لە سادەترین پێناسەی رەخنەی ئیکۆلۆژی، کە زیاتر نووسەر و رەخنەگرانی سەرەتا وایان دەناساند، کە بریتییە لە ((رەخنەی ئیکۆلۆژی گرینگی بە پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و دنیای فیزیکی دەدات)) **(ibid,1992:xx).** هەروەها "تۆسیک" لەبارەی کار و پێناسەی رەخنەی ئیکۆلۆژیدا، دەڵێت:(( رەخنەی ئیکۆلۆژی گرینگی بە پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و ژینگە، یان چۆن ڕەنگدانەوەی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی فیزیکی لە ئەدەبیاتدا دەدات ))**(tosic,2006:44)**

کەواتە رەخنەی ئیکۆلۆژی ئەم دەستەواژەیە لە کۆتاییەکانی ١٩٧٠ دارێژراوە، کە بریتییە لە زانستێک، کە لە پەیوەند نێوان گشت جۆرکانی رووەک و گیانەوەر و پەیوەندیان بە ژینگەی فیزیکیان دەکۆڵیتەوە. رەخنەی ئیکۆلۆژی، یان رەخنەی سەوز، ئەو بابەتە رەخنەییانە هەڵدەبژێررێت، کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژینگەی بایۆلۆجی و فیزیکی دەکۆڵنەوە و بە وشیاریەوە باس لە کاولکاری و چالاکییەکانی ئادەمیزاد لە ژینگەدەکات، کە بووەتە هۆکاری نووسینی ئەو جۆرە بەرهەمە ژینگەیانە.

لە هەموو میتۆدێکی ڕەخنەییدا پاڵپشتێکی سەرەکی هەیە و زەق دەبێتەوە و دەبێت بە خاڵی سەرەکی میتۆدەکە، بۆ نموونە، لە ڕەخنەی فێمینیزمدا جێندەر دەبێت بە بنەمای سەرەکی و بە ئاسانی پێی دەناسرێتەوە. یان دەبینین لە ڕەخنەی مارکسیزمدا چەوساندنەوەی چینایەتی لە دەقی ئەدەبیدا دەکرێت بە بنەما، لە ڕەخنەی دەروونییشدا پاڵپشتی سەرەکی هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین: (( بەهەمان شێوە ڕەخنەی ئیکۆلۆژییش پشت بە زەمین و سروشت و پەیوەندیی بوونەوەرەکانی نێوی دەبەستێت و دەیکات بە پاڵپشت لە دەقی ئەدەبیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕەخنەیەکی پەیوەندیدارە پشت بە تێکەڵاوبوون و نزیکبوونەوە و هاوسێیەتی ئەدەب و بواری ڕۆشنبیری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت لەگەڵ گرینگیدانێکی زیاتر بە ستاتیکای ئەدەبی.)) (عەبدوڵلا تاهیر، 2020: 26).

## تەوەری سێیەم

## ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و جەنگ

لەم پێنج هەزارساڵەی دوایدا بەپێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی مێژوو زیاتر لە **(14)** هەزار جەنگ تۆمارکراوە. مەزەندە دەکرێت، کە زیاتر لە **(4)** ملیار مرۆڤ بە جەنگ کوژراوە، کە دەکاتە نزیکەی **(2/3)** ی کۆی سەرجەم ژمارەی ئەمڕۆی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی. بە تەنیا لەسەدەی بیستەمدا دوو جەنگی جیهانی ڕوویداوە. لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەتا ئێستە زیاتر مرۆڤ بەهۆی شەڕ و جەنگی ناوخۆ و ناوچەییەوە گیانیان لە دەستداوە وەك لە ژمارەی ئەوانەی لە جەنگی دووەمدا کوژراون. لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کلتووری جەنگ حوکم دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی دیکەی مۆدێرنانە و بە تەکنیکی دیکەی سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەرۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە.

لە **(200)** ساڵی ئەم دواییەی مێژوودا مرۆڤایەتی زەوی و ژینگەی بەقەد ئەو چەند ملیۆن ساڵەی پێشووی خۆی وێران کردووە، کە لەسەری ژیاوە و جەنگێکی وێرانکەرانە و بێبەزەیی بەرانبەری هەڵگیرساندووە. مرۆڤاییەتی بەجۆرێك لەگەڵ زەوی و ژینگە ڕەفتار دەکات هەروەك ئیتر ئەم دوا نەوەی ئەم سەر زەویە بێت. مرۆڤ هەمیشە لەبارودۆخی جەنگدا بووە. پێشەکی جەنگێك بووە دژ بە مەترسییە سروشتییەکانی ژینگە، وەك دوژمنێکی سروشت بەرانبەر مرۆڤ ( لافاو، ئاگر، بورکان، باران نەبارین و بێ ئاوی و وشکانی....)، بەڵام ئەمەیان جەنگێك بووە لە هەڵوێستی لاوازیەوە بۆ مانەوەی مرۆڤ خۆی و بۆ پاراستنی ئاسایش بووە، بەڵام دواتر بووەتە جەنگی مرۆڤ دژ بە یەکتر لەپێناوی داگیرکردنی زەوی و کەرەسەی خاودا، کەلەکەکردنی سەرمایە و تێرنەخواردن مرۆڤەکان بێ گوێدانە وێرانکردنی ژینگە وەك سەرچاوەی سەرەکی ژیانی مرۆڤاییەتی خۆی. لەنێوان ئەو چالاکیانەی کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدەن، جەنگ یەکێکە لەهەر باوەکان، کە هەمیشەش بەردەوامە لە شوێنێک لە شوێنەکانی جیهاندا، کاریگەریشی لەسەر ئیکۆلۆژیا هەیە، لە ڕابردووەوە، (( تاوەکو ئێستا (١٢٢)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ململانێی جەنگی هەبووە لە دنیادا، لەماوەی (١٧) ساڵدا لەکۆی گشتی (١٩٢) وڵات **لەئێستادا** (١٦٣) **هێز ڕێکخراوی جەنگییان هەیە.(Majeed,2004and Wallensteen,2007: 25)**

((ئامادەکاری بۆ جەنگ (١٥) ملیۆن مەتر دووجای زەوی بەکارهێناوە لە (٦%) ماددەی خاوی وەک ئاسن و پێکهاتەی بەکارهاتووە، هەروەها (١٠%) گازی کاربۆنی ژەهراوی بەرهەم دەهێنێ.)) **(Bidlalck,1996,22 and Biswas 2000, Majeed2004: ?)**

سەرەڕای ئەو ڕاستیانەی توێژینەوەی ژینگەی پەیوەندیداری بە جەنگ سنووردارە، لە ڕووی قووڵی بابەت و توێژینەوەکان پچڕ پچڕن، مێژوونووسە سەربازییەکان وەکو بابەتێکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ ژینگەدا کردووە، وەکو بەربەستێک بینیوویانە لەبەردەم چالاکییە سەربازییەکان و سەرچاوە و تەکتێک و تەکنیکەکانی جەنگ و ئەندازەی جەنگەکان. (Keegan1993, Townshend: 286)

لەلایەکی دیکەوە توێژەرانی ژینگە جەختیان کردووەتە لەسەر جەنگێکی تایبەت و بابەتێکی تایبەتی لەسەر ژینگە، نەک بەشێوەی گشتی و فراوان، بۆ نموونە کاریگەری ئەتۆم، جەنگی یەکەمی و دووەم جیهانی. **(Homer-Dixon 2001: 40)**

زانایانی بواری سیاسەت پێیان وایە، کە ئەو ململانێیانەی کە بۆ سەرچاوەکان کراوە لە داهاتوودا، **زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ جەنگە هاوچەرخەکان.(Westing 1986, Klare 2001, :44-109) (Unsp 2004**

ئەندازیارانی جەنگ پێیانوایە کە گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوە، گەڕانەوەی ئاشتی بۆ نەتەوە لەدوای جەنگەکان ئەگەر سەیری هەموویان بکەین دەبینین زۆر کەم بەشێوەیەکی زانستی و تیۆری ورد و لێکۆڵینەوەی بابەتی، لەبارەوە کراوە. (CNA 2007: 186)

بۆیە ئێمە پێویستیمان بە بوارێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ژینگەی بە ناوی ئیکۆلۆژیای جەنگ هەیە.

هەروەها پێویستە بەشێوەیەکی گشتگیر زانیاری و ئامارەکانی جەنگ و ڕووداوەکانی دوای جەنگ ڕێکبخرێن و کاریان لەسەر بکرێ، هەروەها پێداچوونەوەیەکی ورد بەهەموو ئەو نووسین و توێژینەوانە بکرێ کە لەسەر ژینگە و جەنگ کراوە بەتایبەتی توێژینەوە مەیدانی و پراکتیکییەکان، هەولبدا کۆمەڵێک کەموکوڕی و گرفتی ژینگەی کە پەیوەستدارن بە جەنگ دیاری بکرێ و توێژینەوەی وردی لەبارەوە بکرێ، بۆ ئەوەی دەرئەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی جەنگ و دوای جەنگەمان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بخەنەڕوو. کەواتە (جەنگ بریتییە لە کوشتنێکی هەمە جۆر بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی هەمەجۆر..تاد) ( **Smith,2007:83)**

هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی جەنگ (چاوچنۆکی و سەرمایەداری و ئابووری و ستراتیژی ناوچەیی و جوگرافی و گرینگی شوێنەکە بوون.....).

لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە جەنگ بەسەر دوو جۆری دادپەروەرانە و زاڵمانە دابەش دەکرێت. (( جەنگی دادپەروەرانە جەنگێکە دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆیلایەتی و بۆ بەرگری لە نیشتیمان ئەنجامدەدرێ و دەبێتە هۆی لاوازی دەستدرێژیکاران. جەنگی زاڵمانەش جەنگێکە بۆ کۆیلەکردنی خەڵك و زێدەخوازی و لەناوبردنی ئازادیەکان ئەنجامدەدرێ و هەتا سیستەمی سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم مابێت ئەم جەنگەش لە گۆشە و کەناری جیهاندا هەر دەمێنێ)). (سالار، 2020: 5)، بەڵام جەنگ هەرچیەك بێت هەمیشە شێوازێکی توندوتیژە لەنێوان لایەنەکان.

جۆرەکانی جەنگی مۆدێرن هەمە جۆرن بە پێی شوێن و قەبارەی ناوچەکە و جۆری جەنگەکە، دەگۆڕێت. جەنگە جێگەی گفتۆگۆن لەنێوان نووسەراندان **(Kaldor,1999: 6)** ئەوەی کە گرینگە دەبێ ئێمە لە شێوازی کاریگەری هەریەکەیان بکۆڵینەوە کە لەسەر ژینگە هەیەتی.

جەنگەکان هەمە جۆرن، هەندێک جەنگ هەیە جیهانین و کۆمەڵێک نەتەوە و کۆمەڵگە لەخۆدەگرێ، وەک جەنگی دووەمی جیهانی، کە تا (١٩٤٥) بەردەوام بوو، کە زیاتر لە (٣٠) وڵات بەشداری ئەم جەنگە بوون، هەندێکیان جەنگی شۆڕشی و نەتەوەیین کاتێک کۆمەڵێک دژی نەتەوەیەک دەجەنگن، وەکو شۆڕشی کوبا (١٩٩٥-١٩٥٩) **(Kaldor,1999:5)**
هەروەها جەنگی سوریا ڕاپەرین و شورشی ١٩٩١ کوردستان ....، هەندێک جەنگ هەن ناوخۆین، یان هۆزین، یان مەزهەبین وەکو جەنگی کۆسۆفۆ...، لە کوردستاندا جەنگی ناوخۆیی، جەنگی شیعە و سونەی عێراق، بەشێکن لەو جۆرە جەنگانە.
لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەکرێ، بڵێین: کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنییەکانی جەنگ هەر تەنیا لەکاتی ڕوودانی جەنگەکان نابێت و پاشماوە و ئاسەواری لەدوای خۆی جێناهێڵێت، بەڵکو لە دیدێکی دیکەوە ژینگە و تێکدانی ژینگە لە سێ قۆناغی دیکەوە تووشی نەهامەتی و لەناوچوون دەبێتەوە، ئەوانیش:

خۆ ئامادەکردنی پێش جەنگ، وەک دابینکردنی زەوی و شوێنی جەنگەکە و کەرەستەکان و لایەنی ئابووری و ئامادەکردنی سەربازەکان و شێوازی بەڕێوەبردنیان، قۆناغی دووەمیان کاریگەری وێرانییەکانی ناو جەنگەکەیە، واتە ساتی ڕوودانی جەنگەکە، کە ئەوەیان کاولکاریەکی زۆر دەخاتەوە، قۆناغی سێیەمیان (سەقامگیری دوای جەنگ) دەرئەنجامەکانی دوای جەنگەکان لەسەر ژینگەدا، کە ئەمشیان دووبارە خۆڕێکخستنەوە و دەستنیشانکردن و زەرەر و زیانەکانی بۆ سەر تەواوی ئیکۆسیستەمی ژینگە دەخاتەڕوو، بە واتایەکی دیکە دەبێ ئەمە بخەینەڕوو هیچ کام لەم قۆناغانەی جەنگ لێکدابڕاو نین، بەڵکو پەیوەندییەکی تۆکمە و کۆنکریتیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بەجۆرێک چوونەتە ناویەکەوە و بەردەوامیان هەیە ناتواندرێ سنوورێکی جیاکەرەوە بە نێوانیاندا بکێشین.....تاد.
دەرئەنجامی جەنگەکان هەر ژینگەیی وسروشتی نین ، بەڵکو دەرئەجامی دەروونی و ڕەوشتی و پەروەردەیی و کلتوور و ڕۆشنبیری و سڕینەوەی ئاسەوار و ماڵ وێرانی و زۆر بواری دیکە، کە لەوانەیە دەرئەجامی دوور خایەنی هەبێە وکاردانەوەی درێژماوەی هەبێت وەک جەنگی ڕزگارکردنی عێراق وشەری ئۆکراین وجەنگی داعش لە سوریا وحوسییەکان لە یەمەن و زۆری دیکە، هەریەک لەم قۆناغانە لە سێ توخم پێکهاتوو، کە بریتین لە سەربازەکان و پێداوستییەکانی جەنگ و لایەنی بەڕێوبەری کە هەرسێک توخمەکە کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکانی جەنگ و لەسەر ژینگە هەیە. سێ قۆناغەکەی جەنگ لەیەک جودا نین، بەڵکو ئاوێتەن، بۆ نموونە کاتێک جەنگ بەڕیوەدەچێت، لەهەمانکاتدا ئامادەکاریەکان بەردەوامن، یان کە جەنگ کۆتایی دێت، سەربازەکان و حکومەت بەشدارە لە دووبارە هێمن کردنەوە و سەقامگیردنەوەی دۆخی وڵات. ئەمە لە کاتێکدایە، هەندێکجار حکومەتەکان لە کاتی قۆناغی سەقامگیرکردنەوە دوای جەنگ، ئامادەکاری دەکەن بۆ جەنگێکی دیکە، بەم شێوەیە، قۆناغەکانی جەنگ تێکەڵکێشن، بۆ نموونە جەنگی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)ز لە دوای جەنگ کۆمەڵێک چالاکی سەربازی و توندوتیژی تێدا بەکارهاتووە، تاکو ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە بۆ گێڕانەوە هێمنی و سەقامگیری بۆ عێراق. هەر یەکێک لە سێ قۆناغەکانی جەنگ کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگەدا هەیە، جەنگی نوێ و هاوچەرخ پێویستی بە ئامادەکارییەکی زۆرتر و زیاتر هەیە، ئەمەش لەبەر پێشکەوتنی جۆری چەکەکان بەهۆی تەکنەلۆژی نوێوە، ئەم کاریگەرییەشی لە ڕووی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمییەوە، ژەهراویکردنی کەشوهەوا، ڕووبەرێکی فراوانی دارستان و دار دەبڕن بۆ مەیدانی جەنگ و زەوییەکان تێکدەدەن، هەروەها دروستکردنی خەندەق و ساتیر و دیواری دەستکرد لەناو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگە و دارستانەکان، (دانان و بڵاوکردنەوەی ماددەی تیئێن تی و مینرێژکردنی رووبەرێکی زۆری زەوی هەر وەکو ئەوەی لەکاتی جەنگی عێراق و ئێران لە چیاکانی کوردستان کراوە، جگە لەوە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکان). **(Zhang DD, 2007: 104)**
بەگشتی دوای جەنگ ژینگەیەکی وێران و کاولکار و تێکدراو دەبینین، بەجۆرێک دوای چەندین ساڵ بۆ هیچ بەرووبوومێک دەست نادات، وەک هێروشیما، هەڵەبجە، باشووری عێراق... تاد، کاریگەری جەنگ لەسەر ژینگەی تەندروستی مرۆڤەکان وەک بوونی نەخۆشی درێژخایەن هەڵەبجە نموونەیەکی زیندوو و بەرچاوی پاشماوەی جەنگە لە کوردستاندا، کە ژینگەکەی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر تەواوی پێکهاتەی بە مرۆڤ و دار و بەر و ڕووەک و باڵندەکان و ئاو و کانی و ڕووبار... تاد، هەبووە و تا ئێستاش ماوە.

لەم ڕوانگەیەوە هەست بە پێوستی بوونی بواری لێکۆڵینەوەی ژینگەی جەنگ دەکەین، کە ببێتە پردێک بۆ ئەوەی بیردۆز و میتۆد و بەشێوەیەکی زانستی خوێندنەوە بکات بۆ کاریگەرییەکانی هەرسێ قۆناغی جەنگە لەسەر ژینگەدا، لە ڕووی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانییەوە، لێکۆڵینەوەکان دەبێت ئاوێتەبن لەگەڵ بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییە جیاوازەکانی، وەک: زانستی ئابووری، سیاسی، رامیاری، بووناسی، کلتووری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵناسی، رووەکناسی، بایۆلۆژی..... تاد، هەموو ئەو هەوڵ و کارانەی کە لەسەر بواری ژینگە و جەنگ ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەیە تاوەکو کاریگەری نەرێنی و وێرانکارییەکانی جەنگەکان ئەگەر نەشتواندرێ بنبڕبکرێ، بەلایەنی کەم کەمبکرێتەوە سنوورێک بۆ زێدەڕۆکانی ئەم جەنگ و وێرانکاریانە دابندرێت.

کەواتە دەکرێ بڵێین: بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆدا، کە سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتوون و پێکهاتە و کەرەستەکانی جەنگ زۆر پێشکەوتوون کاریگەرییان زۆر زیاتر و زۆرترن وێرانکاری گەورەتر لەدوای خۆی دەهێنێت. هەرووەکو ئەفلاتوون، دەڵێ: (تەنیا مردووەکان کۆتایی جەنگ دەبینن).

## دەرئەنجام

١- دوابەدوای گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایانەی جیهان و دەرکەوتنی شەپۆل و تەوژمە نوێکانی توێژینەوەی زانستی و ئەدەبی، میتۆدێکی نوێ سەریهەڵدا و هاتووەتە ناو بواری توێژینەوەی ئەدەبی،

کە ئەویش (رەخنەی ئیکۆلۆژی)یە، ڕەوت و ئاراستەیەکی نوێی رەخنەیە لەکۆتایی ساڵانی حەفتاو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە دیاری کراوەی لە ساڵی 1978 سەریهەڵداوە، لەسەر دەستی ویلیەم رۆکرێت، لەژێر کاریگەری زانستی ژینگەناسیدا.

٢- ئەمڕۆ لە دنیایەکدا دەژین، چاوچنۆکی و زوڵم و زۆرداری و زێدەڕۆییەکانی مرۆڤ بە جۆرێکە هەموو سنوورێکی تێپەڕاندووە، بۆیە توێژەرانی بواری رەخنەی ئیکۆلۆژی و ژینگەپارێزان بەوەگەیشتوون، کە پاراستنی ژینگە بەرانبەر بە پاراستنی گیانی خۆی و نەوەکانی داهاتووە، لەناوبردنی ژینگەش بەرانبەر بە لەناوبردنی خێرایی ژیانی خۆی و نەوەکانی داهاتووە. بەزیابوونی هۆکارە جۆربەجۆرەکانی پیسبوونی ژینگە و دەرهاوێشتەکانی ئەم پیسی و ئاڵۆزییە، بەجۆرێکە نیگەرانی مرۆڤایەتی لە زیادبووندایە و بەمەش کۆدەنگییەکی جیهانی لەسەر ئەم بابەت درووستبووە، چونکە ئێستا ئەمە بووەتە کێشەیەکی جیهانی و مرۆڤ دەبێ هەر شوێنێکی زەوی لەهەر جێگەیەک بێ بەماڵی خۆی بزانێ.

٣- جەنگ و داگیرکاری و وێرانکاریەکانی دوای جەنگ، جا ناوخۆی بێت، یان جیهانی بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوەن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە و هەیە، بەمەش کاریگەری نەرێنیان لەسەر ژینگە و سروشت جێهێشتووە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی داوی بەرەو پێشچوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دروستکردنی چەک و ئامێری سەربازی پێشکەوتوو، وەک چەکی ئەتۆمی، بایەلۆجی و تانک و فرۆکەی پێشکەوتوو......، پیسبوون و قەیرانەکانی ژینگە سەد هێندە بەرابروو، زیادیان کردووە، تاوەکو ئێستا بووەتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

١- سالار باسیرە، (2021)، جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیداو پەیوەندی بە سیاسەت و ئابووریەوە" چەند جەنگێک وەک نموونە" کتێبی ئەلیکترۆنی، pdf.
٢- عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، (2020) دیوانی دلاوەر قەرەداغی، لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئیران.
٣- فرهاد حسن عزیز، (٢٠١٧)، ژینگە و پیسبوونی ژینگە، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- فؤاد رشيد محمەد، (2018) (شيعرى وەسێتنامەی زەوی) کەژاڵ ئەحمەد، لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(15)، ساڵی پێنجەم. ڕاپەڕین.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٥- ابن منظور، (٢٠٠٣) لسان العرب، حرف الباء، الماده بوأ، الجزء الثاني، الطبعة الأول، دار صادر، بيروت، لبنان.

٦- نجاح الجبيلي و اعداد و ترجمة (2021) النقد البيئى" مقدمات، مقاربات، تطبيقات" الطبعة الأول، المطبعة، شهريار، العراق/ البصرة.

٧-جميل حمداوى، نظريات النقد الأدبي والبلاغة في مرحلة مابعد الحداثة، شبكة الألوكة. www.alukah.net/ pdf

٨- جميل حمداوى، حسن أعراب(2020) النقد البيئى أو الايكولوجى فى الأدب و الفن، الطبعة الأول، دارا الريف للطبع والنشر الإلكتروني.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

٩- نيك آئين امير، 1381 (أغاز تاريخ اجتماعى انسان از لحظه آشنائى بابزار) WWW.esalat.org

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

10. 10 - *Bidlack HW. (1996). Swords as plowshares: The military's environmental role. PhD dissertation. University of Michigan, Ann Arbor.*
11. Birzo Abdulkadir Mohammad, (2019)The Ecocyitical Roots from Shakespeare to the present, PHD, Salahaddin university – Erbil.
12. Buell, Lawrence (1995) The Environmental Imagination: Thoreau, Nature Writing, and the Formation of American Culture, Cambridge, MA:Harvard University Press.
13. Buell, Lawrence (2005) The Future of Environmental Criticism: Environmental Crisis and Literary Imagination, Oxford: Blackwell.
14. *[CNA] CNA Corporation Military Advisory Board and Study Team. (2007) .National Security and the Threat of Climate Change. Alexandria (VA):CNA Corporation.*
15. Grewe-Volpp, C. (2006). Nature “out there” and as “a Social Player”: Some Basic Consequences for a Literary Ecocritical Analysis. In: Gersdorf, C. and Mayer, S. (eds.). Nature in Literary and Cultural Studies: Transatlantic Conversations of Ecocriticism. Amsterdam: Rodopi.
16. *Homer-Dixon TF. (2001). Environmental scarcities and violent conflict: Evidence from cases. International Security 19: 5–40.*
17. *Homer-Dixon TF. (2001). Environmental scarcities and violent conflict: Evidence from cases. International Security 19: 5–40.*
18. *Kaldor M. (1999). New and Old Wars: Organized Violence in a Global Era. Stanford (CA): Stanford University Press. Keegan J. 1993. A History of Warfare. New York: Vintage.*

19. *Majeed A. (2004). The Impact of Militarism on the Environment: An Overview of Direct and Indirect Effects. Ottawa (Canada): Physicians for Global Survival.*
20. Nayar, P. K. (2015). Contemporary Literary and Cultural Theory. Dehli: Pearson.
21. Slovic, S. (2010). The Third Wave of Ecocriticism: North American Reflections on the Current Phase of the Discipline. Ecozone, 1. [Online]. Available at: http://www.ecozona.eu/index.php/journal/article/view/19/64 [Accessed 16 December 2018].
22. *Smith TD. (1994). Scaling Fisheries: The Science of Measuring the Effects of Fishing. Cambridge (United Kingdom): Cambridge University Press.*
23. Tošić, Jelica (2006). "Ecocriticism Interdisciplinary Study of Literature and Environment". Series: Working and Living Environmental Protection. Facta Universitatis.
24. Williams, R. (1983). Keywords: A Vocabulary of Culture and Society. New York: Oxford University Press.
25. Williamson, T. and Bellamy, L. (1987). Property and Landscape: A Social History of Land Ownership and the English Countryside. London: George Philip.
26. *Westing AH. (1984). Herbicides in War: The Long-term Ecological and Human Consequences. London: Taylor and Francis.*
27. *Westing AH. (1986). Global Resources and International Conflict. New York:Oxford University Press.*

## The Relationship Between Ecocriticism and War

**Soran Mamnd Abdullah**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
soran.adullah@su.edu.krd

**Maulood Ibrahim Hasan**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mawlud.hassan@su.edu.krd

***Keywords:*** *Ecocriticism, War, Devastation of The Environment, Humanity, William Ruckert*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research which is entitled "The Relationship Between Ecocriticism and War" aims at the analysis and presentation of the roots of the rise of the ecocriticism according to the thoughts and principles of the critics in the field of world literature, ecocriticism, ecology, and different cultures.

The significance and importance of such researches are due to prominent existence of the society and culture within the literary texts that noticeably influence human being's perception and behavior at a universal level. From this point of view, the term ecocriticism and its concept as a post-modern critical theory is discussed in this study, and though it has various fields and branches, only the ecocriticism and war are studied in this research. The ecology of war and its negative effects on the environment and its constituents are our main concerns in this study and carrying out the research helps and enables us to raise the consciousness level and leading the whole towards the acceptance of taking the responsibility towards the environment care. Since the environment is not merely the source of life and prosperity but also it is rather an integrated and more complicated system, therefore human being's view and understanding towards it should be modified in order to prevent more catastrophes and devastation caused by war and occupation.

## علاقة النقد البيئي بالحرب

### الملخّص

هذا البحث الموسوم بـ(علاقة النقد البيئي بالحرب) دراسة نظرية؛ الهدف الأساس منه هو عرض جذور النقد البيئي (الأخضر) وتاريخ ظهوره وتحليل ذلك في ضوء آراء النقّاد البيئي(الايكولوجي) وعلوم البيئة والثقافات المختلفة.

تكمن أهمية هذا النوع من الدراسات الأدبية في كونها تترك الأثر في نظرة الانسان إلى الحياة وسلوكياتهم فيها؛ وذلك لأنّ المجتمع والثقافة لهما حضور بارز في النصوص الأدبية. من هذه الرؤية تمّ تحليل المفاهيم والمصطلحات وتاريخ تطوّر النقد البيئي، الذي هو نظرية نقدية ما بعد الحداثة، وإنْ كان النقد البيئي تتضمن مسارات ومجالات مختلفة، نحن في هذه الدراسة فقط عرضنا (ايكولوجية) الحرب وتبعاتها السلبية من الدمار وغيرها وتأثيراتها على البيئة ومكوناتها، عن طريق هذا البحث يمكن توجيه الوعي البيئي نحو اتجاه معرفي والشعور بالمسؤولية؛ لأنَّ الطبيعة والبيئة ليستا منبع الثروة والجمال فحسب بل هما نظام حيوي وشبكة معقدة

مترابطة، وتبعًا لذلك يجب أنْ تتغير نظرة الانسان إلى البيئة وأنْ يتصدى للمخاطر ويحدّ من وقوع الحروب والاحتلالات.

**الكلمات المفتاحية:** النقد البيئي(الايكولوجي)، الحرب، الدمار البيئي، الإنسانية، ويليم رويكيت.